# خۆم مردووە

حەمە کاکەڕەش
(سوید)

چەند ڕۆژێکە دڵی کەسم نەشکاندووە
لە خۆمەوە، هیچ جنێوێکم نەداوە
شەو کاتی خەو
بە ئارامی دەچمە جێگاکەمەوە
ئێستاکە من، بەبێ ئەوم
بەبێ داڵغە و بیرکردنەوە و خەوزڕاندن
وەکو مناڵ جوان دەخەوم

هیچ خەونی ناخۆش نابینم
نیگەران و دڵ بەژان و
لێو بە بار نیم
من بێ مەی و ماچ و یار نیم
پیاوە پیرە ڕووخاوەکەی ساڵی پار نیم

کە بێ ئۆقرە و بێ ئارام بووم
پڕ لە داخ و دەرد و زام بووم

شەڕم بە دار و بەرد دەفرۆشت
لە حەژمەتا
پەنجەکانی دەستم دەکرۆشت

بەدەم ڕێوە قسەم دەکرد
نەمدەزانی کە چیم دەوێ
من دوو کەس بووم
لێرە و لەوێ

لە شەڕێکی نادیارا
کە هەر من هەستم پێ دەکرد
کە هەر من شەڕم دەوەستان
کەچی خۆم دەستی پێ دەکرد

بەڵام ئێستا چەند ڕۆژێکە
دڵی کەسم نەشکاندووە
پرسەدارێکی دڵخۆشم
خۆم مردووە.

٢٠١٨

